پەرلەمانتارێک: بەهەمیشەییکردنی گرێبەستەکان تەنها بانگەشەی هەڵبژاردنە و حکومەت دەسەڵاتی یاسایی نییە



حەیدەر موتەری ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران، بڕاوبوونەوەی هەواڵی بەهەمیشەییکردنی فەرمانبەرانی گرێبەست تەنها بە "پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن" وەسف کرد و ڕوونیشیکردەوە، حکومەتی فیدراڵی ئێستا کە محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران سەرکایەتی دەکات، دەسەڵاتی ئەوەی نییە ئەو کارە بکات.

موتەری لە بەیاننامەیەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە ڕایگەیاندووە، "دەبوو حکومەت خشتەی بودجەی ساڵی 2025ی پێشکەش بکردایە، کە ماوەی حەوت مانگ دواکەوتووە، لەبری ئەوەی ئەو بڕیارە بڕوپێش ببات کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی نییە".

ئاماژەی بۆشکرد، "قسەکردن لەسەر بەهەمیشەییکردنی گرێبەستەکان و بەستنەوەیان بە بودجەی 2026 جگە لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن هیچی تر نییە" وتیشی، حکومەتی ئێستا مافی دەستوری نییە بودجەی ساڵی داهاتوو ئامادەبکات.

پێشتر، دوای کەبوونەوەی لەگەڵ محەمەد شیاع سودانی، پەرلەمانتار مورتەزا ساعیدی سەرکی هاوپەیمانی "پشتیوانی لە دەوڵەت"، ڕایگەیاند کە سەرۆک وەزیران ڕەنووسی داوە بەبێ جیاوازی گرێبەستەکانی سەرجەم دامودەزگاکانی دەوڵەتدا بکرێن بەهەمیشەیی.